# ئامرازی خۆهەڵسەنگاندنی توانای زمانی فینلەندی – KIT

## KIT چییە؟

KIT ئامرازێکە کە ڕێگەت پێدەدات توانای زمانی فینلەندی خۆت هەڵسەنگێنیت. تۆ خۆت هەڵدەسەنگێنیت کە تا چەند باش:

- لە زمانی فینلاندیی قسەکراو تێدەگەیت
- لە زمانی فینلاندیی نووسراو تێدەگەیت
- دەزانیت بە فینلەندی قسەبکەیت
- دەزانیت بە زمانی بنووسیت

**KIT تاقیکردنەوەیەکی فەرمی نییە.** ئەنجامەکە **ناتوانرێت** بۆ داواکردنی شوێنیکی خوێندن یان بۆ داواکاریی ڕەگەزنامە **بەکاربهێنرێت**.

## گرنگ

- **خۆت هەڵسەنگاندنەکە ئەنجام بدە. ئەگەر کەسێکی تر وەڵامت بداتەوە ئەنجامەکەی ڕاست نابێت.**
- ناوی خۆت یان زانیارییە کەسییەکانی تر لە هەڵسەنگاندنەکەدا مەنووسە.
- خزمەتگوزاریەکانی کار ئەنجامەکەت بۆ هیچ لایەنێک نانێرێت.
- ئەنجامەکەی بۆ ماوەی ٣ ساڵ هەڵدەگیرێت.

## بۆچی شایەنی ئەوەیە هەڵسەنگاندنێک بکرێت؟

- ئاستی زمانزانینی خۆت دەزانیت.
- شارەزایی زمانت یارمەتی خزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن دەدات کە ئاراستەت بکات بۆ خزمەتگوزاری و ڕاهێنانی دروست.
- دەزانیت کە دەبێت چ ڕاهێنانێک هێشتا بکەیت.

## چیت پێویستە بۆ ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن؟

- تەلەفۆنێکی ژیر، تابلێتێک یان کۆمپیوتەرێک
- هێدفۆنێک
- مایکرۆفۆنێک
- شوێنێکی ئارام (دەتوانیت بۆ نموونە کتێبخانە بەکاربهێنیت)

هەڵسەنگاندنەکە **٢٠ تا ٦٠ خولەکی** دەوێت.

## دوای هەڵسەنگاندن چی دەبێت؟

هەڵسەنگاندنێکی گشتی کورت بۆ **زانیی زمانی فینلەندیت لە ئاستەکانی A1–B2** وەردەگریت: سەرەتایی، جێگەی ڕەزامەندی، باش یان زۆر باش. هەروەها **لە چوار بواردا ئەنجام** وەردەگریت کە بریتین لە قسەکردن، تێگەیشتن لە گوێگرتن، تێگەیشتن لە نووسین و خوێندنەوە.

کارمەندێکی خزمەتگوزارییەکانی کار ئەنجامەکە لە زانیارییەکانی گەڕان بەدوای کارەکەتدا لە بازاڕەکانی دامەزراندن لە فینلاند تۆمار دەکات. **ئەنجامەکە کاتێک بەکاردەهێنرێت کە ڕەوانەی کارێک یان خزمەتگوزارییەک دەکرێت کە پشتگیری لە دامەزراندنەکەت دەکات.**

# ئامرازی خۆهەڵسەنگاندنی توانای زمانی فینلەندی – KIT


## ڕێنمایی بەکارهێنەر – هەڵسەنگاندن

## A) دەستپێکردنی هەڵسەنگاندن




- ئەو لینکەی هەڵسەنگاندن بکەرەوە کە کارمەندێکی خزمەتگوزارییەکانی کار بۆت ناردووە [https://tinyurl.com/Espoo-KIT](https://tinyurl.com/Espoo-KIT)

- **تێبینی!** بۆ کە بتوانیت هەڵسەنگاندن بکەیت، دەبێت **ڕێکارەکانی پاراستنی زانیاریەکان و مەرجەکانی بەکارهێنانی سیستەمەکە** بخوێنیتەوە و قبوڵ بکەیت**.**






- ئەو **PIN کۆدە** کە بۆت نێردراوە تێیدا بنووسە




# B) ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن

- هەڵسەنگاندن دەتوانرێت دەستپێبکات کاتێک کە یەکەمجار پشتراستی دەکەیت کە مایکرۆفۆن کاردەکات. مۆڵەتی بەکارهێنانی مایکرۆفۆنەکە بدە. پاشان دەست بە تۆمارکردن بکە.





- **وێنەی مایکرۆفۆنەکە** داگرە و بەرەو مایکرۆفۆنەکەوە قسەبکە.




- گوێ لە تۆمارەکە بگرن. ئەگەر کوالێتی دەنگەکە باش بوو، گوێگرتنەکە پشتراست بکەرەوە و **دوگمەی Valmis aloittamaan** داگرە.




**هەڵسەنگاندنەکە بە ئەرکی ئاسان دەست پێدەکات**

- هەڵسەنگاندنەکە بە ئەرکی ئاسان دەست پێدەکات و لەگەڵ وەڵامدانەوە قورستر دەبێت. هەر بوارێکی کارامەیی (گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە، نووسین) بە جیا هەڵدەسەنگێندرێت.
- هێواش هێواش وەڵامی ئەرکەکان بدەرەوە، ئەرکەکان قورستر دەبن لەگەڵ پێشکەوتنی هەڵسەنگاندنەکە.
- کاتێک ئەرکی قسەکردنت هات، لەبیرت بێت لانیکەم بۆ ماوەی ۳۰ چرکە **قسە بکەیت.**

  ▶ تا زیاتر قسە بکەیت، سیستەمەکە باشتر وەڵامەکەت دەناسێتەوە.

**پێشکەشکردنی بۆچوون/کێشەکان**


- ئەگەر کێشەی تەکنیکیت هەیە یان ناتوانیت بەردەوام بیت، **دوگمەی Ilmoita** داگرە. جۆری کێشەکە هەڵبژێرە و کورتە وەسفێک بنووسە و پاشان **دوگمەی Lähetä ilmoitus** داگرە.




- دوای ڕاگەیاندنی کێشە تەکنیکیەکە، سیستەمەکە دەستبەجێ پرسیارێکی نوێت پێدەدات. پاشان دەتوانیت بەردەوام بیت لە هەڵسەنگاندنەکەت.


- **دوگمەی OHJE – ڕێنماییەکانی ئەرکەکە**

  هەر ئەرکێک ڕێنمایی تایبەتی خۆی هەیە. دەتوانیت ڕێنماییەکان ببینیت بە فشاردان لەسەر دوگمەی شینی **OHJE** لە گۆشەی خوارەوەی چەپی شاشەکە.




## C) گەڕانەوەی هەڵسەنگاندن و ئەنجامەکان

• کاتێک کە هەڵسەنگاندنەکە کۆتاییدێت، لاپەڕەی **tulossivu** دەکرێتەوە. لەسەر لاپەڕەکە **پوختەی هەڵسەنگاندنەکە و ئەنجامی زانینی زمان لە بوارە جیاوازەکاندا** دەبینیت.




### دووبارەکردنەوەی هەڵسەنگاندن

• ئەگەر دەتەوێت هەڵسەنگاندنەکە دووبارە بکەیتەوە، دوگمەی **Tee uudelleen** داگرە. **تەنیا جارێک** دەتوانیت هەڵسەنگاندنەکە بکەیتەوە بەر لە ناردنی ئەنجامەکە.




● **تێبینی!** دوگمەی **Lähetä tulokset** دامەگرە تاوەکو دڵنیا دەبیتەوە کە دەتەوێت ئەنجامەکە هەڵبگریت. هەڵسەنگاندنەکە دوای پێشکەشکردنی ئەنجامەکە ناتوانرێت دووبارە بکرێتەوە.

### تۆمارکردنی / ناردنی ئەنجامی هەڵسەنگاندن

- دوگمەی **Lähetä tulokset** داگرە.
- ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە لە سیستەمەکەدا تۆماردەکرێت و بۆ کارمەندەکەت لە خزمەتگوزاریەکانی کار دەروات.
- لەو پەنجەرەی کە دەکرێتەوە لینکی لاپەڕەی ئەنجامەکان دەبینیت.
- دەتوانیت ئەنجامەکە بنێریt بۆ ئیمەیڵی خۆت بە نووسینی ناونیشانی ئیمەیڵی خۆت لە شانەی ئیمەیڵدا و داگرتنی دوگمەی **Lähetä sähköposti**

